سەماحەتی حەکیم پێشوازی لە دکتۆر حەیدەر عەبادی دەکات و گرنگی ناوەندگیری و پتەوکردنی ولات و بەشداری کردنی هۆشیارانە لە هەڵبژاردنەکان دووپات دەکاتەوە

بەڕێز سەید حەکیم، سەرۆکی هاوپەیمانەتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی پێشوازی لە سەرۆکی هاوپەیمانەتی نەسر بەڕێز دکتۆر حەیدەر عەبادی کرد و لەم دیدارە باسی پێشهاتەکانی دۆخی سیاسی عێراق و ناوچەکە و چەند ڕکابەری و شایستەیەکی دیکە کرا کە لە قۆناغی ئیستادا ڕووبەڕووی وڵات دەبێتەوە.

سەماحەتی حەکیم لەم چاوپیکەوتنە دووپاتی کردەوە کە گرنگە گوتارەکان ناوەنگیری و هاوسەنگی تێدا بێت، ئەوەش هاوپەیمانەتی هێزەکانی دەوڵەت کردویەتی بەبنەما و ئاماژەی کرد کە ئەو بنەمایە کۆڵەکەی ئارامی و ئاشتییە بۆ عێراق و لە چەندین دۆخی سەختی ڕزگار دەکات کە ئێستا چەند ولاتێکی ناوچەکە پێیدا تێپەڕ دەبن.

هەروەها بەڕێزیان جەختی کردەوە لەسەر پێویستی پاڵپشتی کردنی دەوڵەت و دامودەزگاکانی لەبەر ئەوەی گرەنتییەکی سەرەکییە بۆ پاراستنی مافی هاولاتیان و بەدی هێنانی سەقامگیری سیاسی و کۆمەلایەتی..

سەبارەت بە ئامادەکارییەکان بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، سەماحەتی حەکیم گرنگی بەدی هێنانی ئەمن و ئاسایشی لە هەڵبژاردنەکان و دابین کردنی کەشێکی گونجاوی بۆ ڕکابەرییەکان بە گرنگ وەسف کرد، داواشی کرد دوور بن لە هەڵمەتی لەیەك شکاندنەوە و ئالۆگۆرکرجنی تۆمەتەکان، گوتیشی کار دەبێت بکرێت بۆ دروستکردنی کەشێکی ئەرینی بۆ ئەوەی هاولاتیان بەرەو بەشداریکردنێکی بەر فراوان هەنگاو بنێن و تا ئەو هەڵبژاردنە ببنە بەرد بناغەی حکومەتێکی بەهێز و سەقامگیر و شەرعیەتی پتەوتر بێت..